# درێژە دان بە داگیرکردن لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە !

سالم کەریم

2004-12-7

کەم نین ئەو وولآتانەی کەخۆیان بە دیموکراتی لەقەڵەم دەدەن و سیستەمی پەرلەمانی پیادە دەکەن بۆ ئاڵوگۆڕپێکردنی دەستەلآتی سیاسی وولآتەکەیان ، باوترین شێوازی پەرلەمەنتاری بەمۆدێلی "Westminster " دەناسرێتەوە ، ئەم مۆدە لەبەریتانیا لەساڵی 1832لەلایەن " William HenryIV" جێکەوتە کرا بەو نیازەی کە تیۆژە مامناوەندیەکانیش شانسی ئەوەیان هەبێت کە بەشداری ڕاستەوخۆ بکەن لەبەڕیوەبردنی دەستەلآتدا.[1]

لەم سەردەمەی ئێستادا هەڵبژاردن وەك یەکێك لەپایەکانی دیموکراسی بوە بەدیاردەیکی پڕبایەخ بۆ ئەو وولآتانەی کەخۆیان بەدیموکراتی لەقەڵەم دەدەن ، سەبارەت بەم دیاردەیە چەند بۆچونێکی جیاواز هەیە ، کە هێندیکیان هێندە شاخ و باڵی زۆریان لە دیموکراسی پەرلەمەنتاری پەیدا کردووە ، تەنانەت تاکو ئەو جێگەیەی بەبەهەشتی ئازادی و خۆشگوزەرانی و تەبای نێوان ئینسانەکان ناو زەدی دەکەن . لەڕاستیدا ئەو بۆچونانە چەندە تیژ بن و چەندە چەکداربن بەفاکتی کۆنکریتی ، ناتوانن نکۆڵی لەو راستیە بکەن کە هەڵبژاردن لەدنیای سەرمایەداریدا بۆ ئەو کەسانەیە کە دەتوانن بەباشی بەرگری لەپەیوەندیەکانی سەردەم بکەن، چونکە ڕاستەخۆ بەرژەوەندیەکانیان لەگرەوی سەقامگیر بوونی سیستەمەکەدایە جا ئابووری بێت یاخود فەرهەنگی .

مێژووی هەڵبژاردن ئەوەی ئیسبات کردووە کە زۆر جاران دەبێتە دەمامك بۆ زۆرێك لەسیناریۆ ڕەش و تاڵەکان ، بۆیە بۆ ئاشنا بوونی زیاتر بە ململآنێ و دەنگدان و بەڕێوە چوونی هەڵبژاردن بەگشتی ، بەپێویستی دەزانم ئاماژە بە هەندێ فاکت و ئەو دوو خوێندنەوە جیاوازە بکەم کە لەدوو قوتابخانەدا پێناسە کراوە و لەمشتومڕە سیاسیەکانیاندا سەبارەت بە وولآتانی پێشکەوتوو و پاشکەوتوو لەدنیای هاوچەرخدا چوونەتە سەری.

قوتابخانەی یەکەم لەم سەردەمەی سیاسەتدا بە قوتابخانەی مۆدێرنە کردنەوەی سیاسەت پێناسە دەکرێت کە ئێستا دیاردەیەکی بەرچاوو و باڵادەستە لەنێوفەرهەنگی سیاسی وولآتانی ڕۆژئاوادا . قوتابخانەی دووەمیش کەبەقوتابخانەی سەربەخۆی دەناسرێتەوە ، بەرگی مارکسیزمی کراوەتە بەر لەلایەن ڕۆژئاواوە بەوە لەقەڵەم دراوە کە سەرچاوەی هەنگاوەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئیلهام وەرگرتن لە تێزە فکریەکانی مارکس ، بۆ نمونە وولآتێکی وەك فەنزیۆلا یەکێك لەو وولآتانەیە کە حوکومەتەکی لەڕێگەی دەنگدانەوە هاتووتە سەر کار ، بەلآم سەرباری پیادە کردنی مۆدی دیموکراتی پەرلەمەنتاری کەچی لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکادا تەبا نیە ، ئەمەش بووەتە مایەی ئەوەی بەوە پێناسە بکریت کە سەر بەخوێندنەوەکانی قوتابخانەی دووەمە.

قوتابخانەی یەکەم " Political Modernization School " واتا قوتابخانەی مۆدێرن کردنەوەی سیاسیەت کەڕاستەوخۆ بەلیبرالەکان دناسرێتەوە سەبارەت بەهەڵبژاردن دەڵێت " هەڵبژاردن لەخوارەوە بۆ سەرەوەیە " وە پێی وایە بوونی بەربەرەکانی و دواتریش بەدەست هێنانی دەنگەکانی خەڵك لە ڕێگەی دەنگدانەوە دەبێتە مایەی فەراهەم بوونی دەستەلآتێکی شەرعی و مۆدێرن و جی متمانە چونکە ئەمە تاکە ڕێگەیە کەبتوانیت ڕێگە خۆشکەر بێت بۆ ئەوەی زۆرینەی خەڵك بەشداری بکەن لەسیستەمەکەدا و ڕاستەوخۆ لەڕێگەی نیۆنەرەکانیانەوە بەشداری دارشتنی بڕیارە سیاسیەکان بکەن.[2] دەبینین لەکاتی کامپینی هەلبژاردنەکانی 2004 ئەمریکادا " جۆرج بۆشی کوڕ" چەند بەشانازیەوە باسی ئەوە دەکات کەیەکەم دەنگدەر لەئەفغانستان کچێکی 19 ساڵان بوو ، ئەم دیاردەیە بەپێی پێوەرەکەی ئەو سومبلی دیموکراسی سەردەمە . لایەنێکی تری خوێندنەوەکانی ئەم قوتابخانەیە ئەوەیە پێی وایە هەندێ خەڵکی هەن هاولآتی باش نین و ڕۆڵی کەسانێکی ئاکتیف ناگێڕن لەکۆمەڵگادا، بەناچار کردنیان بەدەنگدان خوود بەخوود دەبن بە بەشێکی ئاکتیف لەدەزگای دەوڵەوت و هەروەها دەبن بە هاولآتیەکی باشیش ، بۆیە دەبینین زۆربەی بانگێشەو پارانەوەی ئەحزابی بەشدار بوو لەهەڵبژاردن و ئەو دەزگایانەی کە هەڵبژاردن بەڕێوە دەبەن لەدانیشتوان ئەوەیە کەدەنگ بدەن و بەشداری هەڵبژاردن بکەن ، چونکە دیاردەی بەشداری نەکردن و بێ باوەر بوون بە هەڵبژاردن ئیستا بووتە شتێکی ڕۆتینی نێۆ وولآتانی رۆژ ئاوا .

بەپێچەوانەی ئەم پێناسەیەی قوتابخانەی یەکەم سەبارەت بە مەسەلەی دەنگدان و هەڵبژاردن، بەپێی بۆچونی باوی نێو فەرهەنگی سیاسی سەردەم قوتابخانەکەی تر لەژێر ناوی " Dependency School " خۆی بە بەرهەڵستکاری قوتابخانەی یەکەم دەزانێ سەبارەت بەهەڵسەنگاندنی چەندایەتی و چۆنایەتی پێشکەوتنی سیاسی و ئابوری وولآتاندا ، ئەم قوتابخانەیە پێی وایە پرۆسەی هەڵبژاردن لەم سەردەمەدا لەسەرەوە بۆخوارەوەیە ، چونکە مەسەلەی هەڵبژاردن زیاتر بەمەبەستی فراوانکردنەوەی دەستەلآتی " Elite"ێکە واتا نوخبەیەکە بەسەر زۆرینەی کۆمەڵگاوە ، جا سەبارەت بەنیازو مەرامەکانی ئەو دەستەیەی کەوەك لۆبیەیەك لەپشت دەستەلآتەوە هەڵدەسوڕێت کێشە نیە کێ دێت و کێ دەڕوات ، چونکە لەهەردوو حاڵەتەکەدا براوەکانی نێو دەنگدان لەخزمەت توند کردنەوەو ئارایش دانەوەی دەستەلآت و گۆنجاندنی ئەو پلانە سیاسیانەدا دەبن کە لەگەڵ پێداویستەیەکانی بەڕێوە بردنی سەرمایەگوزاری سەردەمدا یەکانگیر دەبن و لەبنەڕەتیشدا پێکاندنی مەرام و ئامانجە سەرەکیەکانی ئەوان وەبەرهەم دێنێت .[3]

دیارە مەسەلەی دنگدان لەبنەڕەتدا ئەگەر دووربێت لەسات و سەودای نێوان سەرمایەداران و کارتێلە زەبەلآحەکانی بازار کارێکی دیموکراتیك و شیاوە بۆ یەکەلآکردنەوەی ئەو مەسائیلە گرنگانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بەژیانی ئینسانەوە ، وەئێمە چەند حیکمەت بکەین لەم سەردەمەی ئێستادا زەمینە سیاسی کۆمەلآیەتیەکان و ئامادەیەکانی چینی کرێکار کە بەچینێکی شۆڕشگێر ناسراوەتەوە میکانیزمێکی کارامەترو شیاوترمان وەبیر ناخەنەوە . بەلآم ئایا زەمینەکانی دەنگدان و ئەو فاکتانەی کە لەبەردەستدان دەتوان درووستی و عادل بوونی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانمان پێ بڵێن کە لەو وولآتانی بەناو دیموکراتیدا بەڕێوە دەچێت ، ئایا هەموو کەسێك لەباری جێگەو ڕێگەی کۆمەلآیەتی و ئابووریەوە بەشێوەیەکی یەکسان دەچنە پای هەڵبژاردنەکان . ئایا هۆی چیە ئەو لایەنانەی کە پلاتفۆرم و کاندیدەکانیان بانگێشە بۆ سیاسەتەکانی سەردەم ناکات بەدەستەلآت ناگەن . ئایا پلاتفۆرمە سیاسیەکانە دەبێتە مایەی بەدەست هێنانی دەنگێکی زۆر یاخوود خوودی سیستەمی هەڵبژاردنە چارەنووسی هێزە سیاسیەکانی دیاری کردووە سەبارەت بەچۆنێتی گەیشتنیان بەدەستەلآت. بۆ نمونە وولآتێکی وەك ئەمریکا چەند ساڵێك دەبێت مل نادات بە ئیمزا کردنی ڕێکەوتن نامەی " Kyoto " وەتەنانەت " بۆشی کوڕ " هەمیشە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە بەهیچ شێوەیەك ئامادە نیە ئەو پرۆتۆکۆڵە ئیمزا بکات ، تۆ بڵێی سەرمایەدارانی ئەمریکا و سەرۆکەکەیان ئاگاداری ئەوە نەبن کە پیس کردنی ژینکە بە " Carbon Dioxide " ڕێژەی 35٪ لەلایەن وولآتەکەی ئەوانەوەیە بەهەوادا دەکرێت.[4] بەپێچەوانەوە چاك ئەمە دەزانن ، بەلآم ئەو شتەی کە ڕێگە بە بۆش نادات داوا لەخاوەن کارخەنەو کۆمپانیاکان بکات بۆ گۆڕینی دەزگاکانی بەرهەم هێنان ئەوەیە کە لەگەڵ دەستپێکردنی کامپینی هەڵبژاردنەکاندا ، بەشێکی زۆر لەخەرجیەکانی ریکلامی هەڵبژاردنەکان لەلایەن ئەو کۆمپانیایانەوە فەراهەم دەکرێت ، کەپێش هەڵبژاردن خاترجەمیان دەکات بەوەی کەهەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی ڕوو بدات دەبێت بەرژەوەندیەکانی سەرمایەدارانی تێدا لەبەرچاو گیرا بێت . هەندێ لەسیاسەتمەدارانی ئەمریکا قسەیەکی باویان هەیە سەبارەت بە سیاسەت دەڵێن " پارە وەك و شیری دایك وایە بۆ سیاسەت کردن " جا ئاشکرایە ئەو لایەنەی پارەی زۆری هەبێت و بڕێکی زۆر لەکامپینی هەڵبژاردندا بەخەرج بدات ، ئەوە زۆربەی دەنگەکان بەر ئەو دەکەوێت . ئەمە قسەیەی سیاسەتمەدارانی وولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕاستی و درووستی ئەو قسەیەی مارکس دەسەلمێنێت کە دەڵێت " هەڵبژاردن و خۆ کاندێد کردن بۆ داراکان و سەرمایەدارانە ، بۆیە هەڵبژاردن گەمەیەکی سیاسی نێو خانەوادەی بۆرژوازیە بۆ دابەشکردنی سەرو سامانەکانیان و هیچی تر.

بەگوزەر لەم ڕاستیانەی سەروە ئەگەر هەرکەسێك تەنانەت بەشێوەیەکی سەرپێیانەش چاوێك بەمیدیاکاندا بخشێنێت لەوە حاڵی دەبێت مەسەلەی هەلبژاردن لەولآتانی پێشکەتوو و بەگشتی سیفلایزەبشنی ڕۆژئاوادا یانی چی . ڕۆزا لۆکسمبۆرك مانگێك پێش تیرۆر کردنی لە 1918 دا لەووتارێکیدا لەژێر ناونیشانی " سپارتاکۆسەکان چیان دەوێت " ئاماژەی بەوە کردووە دەڵێت " دیوێکی مۆدیرنزمی ڕۆژئاوا بەربەریزمە ، چونکە بۆ پارێزگاری کردن لەدەستەلآتەکەیان ، شەڕە خۆێناویەکان بەرپا دەکەن ، بۆ بەدەستهێنانی قازانجی زیاتر ئامادەن تەواوی بەشەریەت لەنێو بەرن ، بۆیە ئەم هەلومەرجە ترسناکە بەشەریەتی لەبەردەم دوو هەڵبژاردندا ڕاگرتووە ، ئەویش بەربەریزم یاخود سۆسیالیزم "[5] دەبینین بە هۆی بەهێز بوونی سەرمایەداریەوە ، بەتایبەت کاتێ

هەموو وولأتانی سەرمایەداری لەسەر ئەوە كۆك بوون كە ئەگەر هەر هەڕەشەیەك بەرپا بوو بۆ سەر دنیای سەرمایەداری لەنێوی بەرن ، ئەمە بووە مایەی سەركووت كردنی هەرجولأنەوەیەك كە بیەوێ بەشەریەت ڕزگار بكات لەچنگی ئەوان ، بزووتنەوەی سۆسیالیستی بێ بەش نەبوو لەو هێرشەی سەرمایەداری ،ر ئەمە بووە مایەی ئەوەی بەشریەت دەستی لەهەڵبژاردنی دووەم گیر نەبێت و ملكەچی پێكەوە ژیان بێت لەكەڵ هەڵبژاردنی یەكەمدا . ئەمە بووە مایەی ئەوەی سەرمایەداری بەهەمان ڕەوەند شانسی ئەوەی بۆ برەخسێت كە درێژە بەژیانی خۆی بدات، وەتاكو ئەم چركەیەی كە تێیدا دەژین بەهۆی فەراهەم بوونی ئەو هەلومەرجەوە خەریكە كۆمەڵگا لەهەرچی ماهیەتی مرۆڤانەی خۆی هەیە دادەماڵێت و بەربەریەت لەهەموو كونجێكی ئەم دنیایە چاو لەدەستكەوتەكانی بەشەریەت سوور دەكاتەوە . بەتازە ترین تەكنەلۆجیای جەنگ وولأتێك وێران دەكرێت ، بەشەر بەوەحشیترین شێوە سەری ئینسان لەلەشی جیا دەكرێتەوە ، لەهەموو سەردەمەكان زیاتر بیر و هزری دواكەووتوو گەشەی كردووە ، ناسنامەی ئینسان بەنەتەوەشەوە نەوەستاوە ، بگرە گەڕێندراوەتەوە بۆ دەورانی چەرخە بەردینەكان ، ئاخر ناكرێت بانگێشەی ئەوە بكەیت كە وولأتێك بەرەو مۆدیرنیزم ملی ڕێگای گرتووە ، كەچی دابەش كردنی ناسنامەی دانیشتوانەكەی بەسەر مەزهەب و عەشیرەتەكاندا ساغكراوەتەوە .

سەرباری ئەوەی ڕأبردووی عێراق تروسكایەكی درەخشانی نیە كەئاماژەی پێبكەین ، شتێك هەیە بتوانێت حاشای ئەوە بكات كە پەیدا بوونی دیاردەی بەكار هێنانی مەوادە بێهۆشكەركان نەبووتە دیمەنێكی قێزەوەن لەم یەك ساڵ و نیوەی كەعێراق لەلایەن ئەمریكاوە داگیر كراوە ، كەس هەیە چاو لەو ڕاستیە بپۆشێت كە بەشەریەت بەهیچ شێوەیەك بەئەندازەی ئەم دەورەیە بێ حورمەتی پێ نەكراوە ، لایەنێك هەیە بڵێت عێراق نەبووەتە مۆلگەی بێحورمەتی و پیادەكردنی بەربەریەتێك كە بەهەموو مێژووی شتی وای بەخۆوە نەبینیوە ، كەچی دەبینین بۆ ڕزگار بوون لەهەموو ئەمانە ئەمریكا ڕێگای هەڵبژاردن دامەزراندی دەستەڵاتێكی دیموكراتی بە چارەسەر دەزانێت .

دیارە دامەزراندنی دەستەڵاتێكی مەدەنی لەسەر بنەمایەكی شارستانی بۆ ئێستای عێراق كارێكی خراپ نیە ، بەلأم ئایا ئەمە بۆ عێراق ئەو پاروە چەورەیە ، وە ئایا بەڕاستی نیازەكانی ئەمریكا پێشكەشكردنی ئەم دیاریە بەنرخەیە بۆ عێراقیەكان ، بێگومان نەخێر .

ئەمریكا لەگەڵ هەرەس هێنانی بلۆكی شوورەویدا یەكسەر كەوتە دووبارە خۆ قایم كردنەوەو فراون كردنەوەی پارسەنگی خۆی لەدنیادا ، چونكە باش دیزانی دنیای یەكجەمسەر هێندە درێژخایەن نابێت ئەمریكا دەی زانی وەك " رامسفیلد " ووتەنی " ئەوروپایەكی پەككەوتەیان" بۆ پەیدا دەبێت كە داوای شەریكە بەشیان لێ بكات لەتالأنكردنی سەروەت و سامانی وولأتانی پێنەگەیشتوودا ، بۆیە داگیر كردنەوەی هەندێ جێگە بۆ ئەمریكا بایەخێكی زۆری هەبوو .

عێراق یەكێك لەو وولأتانە بوو كە دەبوایە بەشێوەیەكی مۆدیرنانە داگیر بكریت . لەئێستادا بەجۆرێك لەجۆرەكان زۆرێك لەوولأتانی رۆژهەلأتی ئەوروپا و ئاسیا و ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست داگیر كراوی ئەمریكان ، دیارە داگیر كردنەكان وەك بوونی فیزیكی و مۆلگەی سەربازی بەڕیوە ناچن ، بەڵكو بەپێچەوانەوە بڕیاردانی سیاسی و ئیداری ئەو وولأتانە كۆنترۆڵ كراوە ، ئەو گیانانەی كە لەپۆستەكانی دەستەلأتدان گیانی خۆماڵیە بەلأم بەبیركردنەوەی ئەمریكای كۆنترڵ كراون . ئەمە ئەو شێوازە داگیر كردنەیە كەبەكەمترین نرخ ئەمریكا وەك بالأترین دەستەلأتی سەرمایەداری ئەم سەردەمە بەڕێوەی دەبات و دەستی لێ گیر بووە.

بۆ تێگەیشتنێكی زیاتر لەم بەربەریەتە پێویستە لەخۆمان بپرسین مەگەر ئەوە كاریگەریەكانی فەرهەنگی باوی سەردەم نیە كارو هەڵسوكەوتی ئینسانەكان دیاری دەكات ، مەگەر ئینسانەكان ڕاستەوخۆ پابەند نین بەهەلومەرجە كۆمەلأیەتی و ئابووریەكانیانەوە . ئەگەر دەورانی پێشوو شتێك هەبوو بەناوی بلۆكی ڕۆژهەلأتەوە ، ئەوە بۆ دەیەیەك زیاتر دەچێت ئەمریكا هەرچی هێزو توانای هەبووە بەگڕی خستووە كەچی ئەمەی لێ بەرهەم هێنا كە ئێستا تووشی بووە لەعێراق و چەندین جێگەی تردا . بۆدەرباز بوون لەم هەلومەرجەی ئێستا ئەمریكا بانگێشەی دیموكراتیزەكردنی ئەو وولأتانە دەكات كە تاكو دامێن تووشی قەیران گرفت بووە تێیاندا. بەلأم دەكرێت دیسانەوە بپرسین ئایە ئەم هەنگاوەی ئێستای ئەمریكا بۆ دیموكراتیزە كردنی هەندێ وولأت لەچەشنی "

**ئەو دیموکراتیەی کەخۆی باسی دەکات " ا چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ هەوڵەکان و کۆمەکەکانی ساڵانی هەشتاکان کە لەگەڵ " موجاهیدەکانی " ئەفغانستان بەخەرجی دەدا .**

**ئاشکرایە سەرباری ئەو هەموو ئاڵۆزیانە بەشەریەت ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتووە و دنیا گۆڕاوە ، بەڵام کەس هەیە بتوانیت نکۆڵی لە و بەها نامرۆی و درۆ گەورانەی پێش هەڵبژارکدنەکانی ئەم دەورەیەی دنیای سەرمایەداری بکات ، کەچۆن هۆڵی پەرلەمانەکان دەبنە جێگەی بڕیاردان بۆ چوونە پای ئارەزووکانی وولاٌتە زلهێزەکانی دنیاوە ، وەچۆن لەڕێگەی پەرلەمانەکانەوە بەتایبەتی کردنەوەی کەرتە گشتیەکان کۆڵی ماڵوێرانی ئابووری و فەرهەنگی دەکرێتە دیاری بۆ مرۆڤەکان.**

**بۆیە تاکو ئێستا مەسەلەی داگیرکردن و بەردەوام بوونی  شەر کە بەشێکی ژیانی رۆژانەی خەڵکی بەخۆوە خەریك کردووە عێراقی کردووە بەدۆزەخێك وە ئەمانە ئەدیاردە تالانەن کەبەهیچ شێوەیەك ناکرێت بەبێ کۆتای هێنان پێیان هەڵبژاردن بکریت لەعێراقدا. ئەمانە پێکرا ئەو حاڵەتانەن کە دەبنە مایەی ئەوەی ئەو هەلبژاردنە هیچ شەرعیەتێکی یاسای نەبێت ، تەنانەت ئەگەر ئەنجامیش بدرێت ، ئەوانەی کەدەردەچن حەلقە لەگوێکای ئەمریکا دەبن . وەلەباشترین حاڵەتیدا مەسەلەی هەڵبژاردن لەعێراق لەم کاتەدا  درێژەی هەمان ڕەوەند و ئەو سیناریۆ ڕەشەیە کە بەچاودێری ئەمریکا خۆی " کارزای"یەك لەئەفغانستان یاخود " عەلاوی  و غازی و یاوەرەکانیان " لەعێراقدا بەزۆر بەسەر خەڵکدا دەسەپێنێت.**

---

1 "William IV." (1911). *Encyclopædia Britannica,* 11th ed. London: Cambridge University Press.
2 Mahler, MacINNIS, Comparative politics, p275, Canadian adtion,2004.
3 Mahler, MacINNIS, Comparative politics, p276, Canadian adtion,2004.
4 http://news.bbc.co.uk/2/hi/europe/2233897.stm
5 The Rosa Luxemburg Reader, pp. 349–52, 364